# هەمووهەڕەشەوفتواکان لەدژی مەریوان هەڵەبجەیی ئیدانە دەکەین!

بەدوای بڵاوبونەوەی کتێبی(سێکس، شەرع و ژن لە ئیسلام)دا کە لەنوسینی مەریوان هەڵەبجەیی یە، دەستەو تاقمە ئیسلامیەکانی کوردستان چ لەڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و چ لەڕێگای مەلاکانی سەربەخۆیان، ئەم کارەی مەریوان هەڵەبجەییان بەدژی پێوانەکانی ئیسلام ولەکەدارکردنی پیرۆزی ئاییبنی!! لەقەڵەمدا، هەر لەم سۆنگەیەشەوە کەوتنە هەڕەشەو فتودان لەدژی نووسەری ناوبراو.

ئەم فتواو هەڕەشانە لەکاتێکدایە کە ئەم کتێبەی مەریوان هەڵەبجەیی پێش چەند مانگ بڵاوکراوەتەوەو لە پێشوازیەکی گەرمی خەڵکی کوردستان بەهرەمەند بووە، وەهاوکاتە لەگەڵ هەراسانی سەرجەم ڕەوتە ئیسلامیەکان لە پەیوەند بەو وێنە کاریکاتێریانەی بڵاوکراوەیەکی دانیمارکی لەسەر پەیامبەری ئیسلام" محەمەد" بڵاویکردۆتەوە.

ئیسلامیەکانی کوردستان کە هیچ پایەو بنەمایەکی زەمینیان لەکوردستاندا نیەو لەئاکامی خۆشخزمەتی بە وڵاتانی وەکو ئێران و سعودیە و بە پشتیوانی مادی ومەعنەوی ئەوان و بەدەست لە پشتدانیان لە لایەن دەسەڵاتی کوردیەوە توانیویانە لە کوردستاندا ئامادەیی پەیدابکەن.

لەوکاتەشەوە کە ئەمانە بواری هەڵسوڕانیان پێدراوە، دریغیان لە هیچ کردەوەو ڕەفتارێکی ناشیرین دەرحەق بەخەڵکی کوردستان نەکردووە، لە فتوا بەخشینەوە تادەگاتە هەرەشەو تیرۆری ئازادیخوازان و نوسەران، لە تەقاندنەوەی سینەماکان و کتێبخانەکان تا سوتاندنی ساڵونەکانی ژنان، لەهوهاکێشان لەژنانەوە تاپژاندنی تێزاب پێیاندا، لە سەرپۆش سەپاندن بەسەر مناڵاندا تادەگاتە شێواندنی جەستەی جوانی سروشتی سەیرانگاکان، لە کردنی مزگەوتەکانەوە بە قوتابخانەی حزبی وپەروەردەی نامرۆیی تا دەگات بەوێرانکردنی شوێنەکانی مەیفرۆشی و هەڕەشەکردن لەفرۆشیارانی،.....تاد.

ئەمانە هەمووکاروکردەوەی ئەم ڕەوت و لایەنە سیاسیە ئیسلامیانەی کوردستان بووە، ئەمە جگە لەوەی چەندین ناوچەیان کردۆتە پشتی بەرەی شەرلەخزمەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، و داڵدەدانی تیرۆرستانیان.

ئەمرۆش لەهەلومەرجێکی دیاریکراوی تردا، بۆ قەرەبوکردنەوەی ڕەوتی ڕوولەنشێویان لەناوکۆمەڵگای کوردستاندا، و لەپاڵ ڕەوتەکانی سەر بە خێزانی خۆیان لەدنیای عەرەب و شوێنەکانی تری دنیاوە، دەیانەوێ لەڕێگای بەخشینەوەی فتواو هەرەشە لە مەریوان هەڵەبجەیەوە، هێرشێکی هیستریکی بکەنە سەر ڕەوتی پێشکەوتنخوازی کوردستان و بەربگرن بە هەر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەك کە نوسەران و قەڵەمبەدەستانی پێشکەوتنخواز ئەنجامی بدەن. دەیانەوێ هەر ڕوانگەو بۆچونێك سەرچاوەی باوەرو بۆچونە وشك هەڵاتوەکانی ئەوان بخاتە بەردەم ڕەخنەو لێکۆڵینەوە بەفتواو هەڕەشە وەڵام بدەنەوەو بەربگرن بەدەنگی ئازادو کلۆم بدەن لە ئازادی سیاسی و بیروڕاو چاپەمەنی و بەیان وبڵاوکردنەوە.

ئێمە لە کەمپەینی ئازادی بۆدکتۆر کەمال سەید قادرەوە، لەکاتێکدا بەتوندی ئیدانەی هەڕەشەو فتواکانی ئیسلامیەکان دەکەین بەدژی مەریوان هەڵەبجەیی و بەڕەفتارێکی دزێوی دەزانین بەرامبەر بە تەواوی خەڵکی کوردستان و لە پێشێشیانەوە بەرامبەر بەنووسەران و ئازادیخوازان، لەهەمانکاتدا ئەوە بەبیر ڕای گشتی دەهێنینەوە کە دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان بەرپرسە لە سنورداران بۆ ئەم ڕەوت و تاقمە ئیسلامیانە و دەست کورتکردنەوەیان لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردستان و پاراستنی ژیانی مەریوان هەڵەبجەیی و تەواوی نوسەران و ئازادیخوازان.

هەر لێرەشەوە ڕایدەگەیەنین نەك هەر پشتیوانی لەو دەنگە ڕەسایانەدەکەین کە بۆ بەرگری لە مەریوان هەڵەبجەیی بەرزبونەتەوە، بەڵکە بانگەوازی هەموو بەرەی پێشکەوتنخواز وئینساندۆست دەکەین لەناووەوەی دەرەوەی وڵات کە لەبەرامبەر بە هەڕەشەو فتوای ڕەوتە ئیسلامیەکانی کوردستاندا بوەستنەوەو ڕێگە بگرن لەوەی هیچ کەس و لایەنێك لەسەر ئازادی سیاسی و بیروباوەرو بەیان و چاپەمەنی بکەوێتە بەردەم هەڕەشەو فتواو....

ئێمە لە تێکۆشانێکی ئاوادا لە ڕیزی پێشەوە دەبین و دەمێنینەوە.

**کەمپەینی ئازادی بۆ د.کەمال**

**کۆمیتەی سەرپەرشتیکار**

**2006-2-7**